وەزیری بازرگانی و پیشەسازی پێشوازیی لە سیرج دیکشن باییزی بەلجیکا لە عێراق کرد



هەرێمی کوردستان و بەلجیکا خواستی گەشەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان هەیە و بۆ ئەو مەبەستەش وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و باییزی بەلجیکا لە عێراق کەبوونەوە.

کەمال موسلیم، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی پێشوازیی لە سیرج دیکشن، باییزی بەلجیکا لە عێراق کرد.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی فەرمانگەی میدیای حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان هاتووە، "لە دیدارەکدا کە هەریەکە لە سەروەر کەمال هاواری، بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی و عەلی عوسمان، بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری پیشەسازی و ڕاوێژکاری پەیوەندییەکان و بەڕێوەبەری گشتیی تەمارکردنی کەمپانیاکان ئامادەی بوون، باس لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێم و بەلجیکا کرا و ڕوونکردنەوەی پێویست لەبارەی کاری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان درایە باییزی بەلجیکا"، هاتووەش، لە چاوپێکەوتنەکەدا سەرجەم ڕەکار و یاسا و کار ئاسانییەکان بۆ دامەزراندنی کارگەکان، هەروەها وەبەرهێنانی بیانی و سەرمایەگوزاری لە هەرێم باس کران، بۆ ئامانجی زیاتر کارکردن بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان و کردنەوەی سەنتەری بازرگانیی بەلجیکا وەک پردێکی پەیوەندیی نێوان هەردوو لا.

شایەنی باسە، لە هەرەمی کوردستان 13 کەمپانیای بەلجیکی تەمارن کە شەش لقی کەمپانیای بەلجیکین و حەوت کەمپانیاش خاوەندارێی بەلجیکین و لە کارە بازرگانییەکانیان بەردەوامن.